# 4-14 ڕۆژێك بۆ یادەوەری تاوانی ئەنفال



**عەلی مەحموود محەمەد** **

ئەنفال مەرگی لەسەرخۆی گەلێك بوو جار جارە لەسەر خۆو جاری دیش شێتانە , ئەو تراژیدیای مەرگە 196 ڕۆژی خایاند و درێژ بوەوە بۆ ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەواەی بەر شالاوەکەی کەوتن , ئەوەشی بە ڕێکەوت ڕزگاری بوو لێی, دەردو مەینەتەکانی بەشێوەو شێوازی دی ئەنفالی کرد, شوێنەواری لەسەر سەرتاپای ژیانی ئەم گەلە لە دوای خۆی دانا, ڕژێم شەوی دەدایە دەم ڕۆژەوە بۆ قەسابیکردنی لادێنشیینەکان کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و سوتاندنی خاك و وێرانکردنی ئاوەدانی و وشککردنی سەوزایی و کانیی و نەهێشتنی مرۆڤێك بە ناوی هاوولاتی کوردستانەوە بە تایبەتیش کورد, سوپای عێراق لە سەرباز و جاش بە خەفیفەو مەفرەزە تایبەتییەکانەوە وەك حەزییایەکی چەند سەرەی ئەفسانەکان لە هەرچوار لاوە پەلاماری تەواوی لادێکانی کوردستانیان دەدا, ئەوەی بەر کەوت و ڕزگاری نەبوو لەو ڕۆژەوە قوتی داو ببڕیای ببڕای نەیانمان بینییەوە, هەموو چرکە و لەحزەو سات و ڕۆژەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە شومە, مەرگەساتێکی ترسناك بوو بۆ خۆی, ڕۆژگارەکانی پاشیشی ژیانی ناو مەرگەساتەکانی تۆپزاو و نگرەسەلمان, چاڵ و پەناگای گولەبارانکردنی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان هەموو مێژویەکی دانەبڕاون لە یەکتر , مێژوویەك بوو پڕ لە یاداوەری مەرگ و تاوان, جێی خۆیەتی یادی هەموو ئەو تاوان و کارەسات و قوربانیانە بکرێتەوە کە لەماوەی ئەو حەوت مانگەدا ئەنجام درا, ئەوە مێژوییەکی ترسناك و پڕ تاوانە, ئەوەی لە ناوییا نەژیابێت, ئەوەی بە چاوی خۆی وێنە ترسناکەکانی نەبینیبێت, ئەوەی ئێش و ئازارەکانی نەچەشتبێت, ئەوەی ئەوەی ڕۆژی نەدابێتە دەم شەوەوە بۆ بینینەوەی خۆشەویستەکانی, ئەوەی بە پێی خۆی ڕزگار نەبووبێت , ناتوانێت وینەی چیرۆکەکانی ئەو مەرگە ساتە بکێشێت, ئاخر خەیاڵدانی برِ ناکات و ناتوانێت وێنای کارەساتەکانی, ئێش و ئازارو دڕندەییەکانی بکێشێت , ئەمە لە خەونی شاعیرانە زۆر ئەولاتر و دوورترە, ئەوە جیهانی مەرگەساتی جینۆساید و کۆمەڵکوژییە کە ناوی ئەنفالە.

هاوکات ناشتوانرێت هەموو ڕۆژەکانی ئەنفال, بکرێت بە شین و شەیپوری یاداوەرییەکانی, چونکە فەزایەك بۆ ژیان , کاتێك بۆ بیرکردنەوە و هەنگاو نان بۆ ئایندە و دواڕوژ, زەمەنێك بۆ سارِێژکردنەوەی زامەکان و هەڵسانەوە و دەستپێکردنەوەی ژیان, چرکە ساتێك بۆ ژیانی دوا ڕۆژ و زیندوبونەوە نامێنێت, لە بیرکردنەوەی یاداوەرییەکانیش مانای لە بیرکردنی تاوان ,

له یاد کردنی خیانەت , له بیر کردنی مێژووی تاڵ و شکستەکانی ڕابردوو دێت , گەلێکیش ڕابردووی کارەساتەکانی له بیر بکات, مانای ڕازییه به کوشت و بڕەکانی داهاتووش, مانای ملکەچ دەکات بۆ زەلالەت و قەسابیەکان, لەبیرکردنی یاداوەرییەکان یانی دەست ئاواڵە کردنی داهاتووە بۆ دوبارە بوونەوەی کارەساتە ترسناکەکان, یانی نرخ نەدانه به زاکیرەکان, یانی هاندانی دوبارە بونەوەی قەسابخانەکانه, بۆ ئەوەی داهاتوو, مەرگە سات و قەسابی کردنەکانی خۆمان له یاد نەچێت, بۆ ئەوەی ئێسکەکانمان له بیابان و ناو حەوزی تێزابەکان دەرکەینەوەو تف له حەجاج و حەجاجیەکان و هاورەفتارەکانیان بکەین, پێویستمان بەوە هەیە له ڕێگەی یاد کردنەوەی ئەنفالەوە خۆمان وەك گەلێکی بەردەوام له پرسه و خەبات کەر بۆ دواڕۆژێکی ڕۆشن دانێین , گەلێك ئامادەیی ئەوەی هەیه ڕابردووەکان خۆی بخوێنێتەوە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو, ئێمه چاومان له داهاتووە, بۆیه ڕابردوو دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی داهاتویەکی ڕون و گەش دابینبکەین بۆ نەوەکانی داهاتوو , دەنا دەزانین رابردوو به خۆشەویستانمانەوە ناگەڕێتەوە, دەبێت نیشتمان لەسەر شوێنەواری گۆرستانەکانی ئەنفال بنیات بنێینەوە که نەکرا , هەرچەندە بوونی تاوانبارانی کورد له ناومان بەردەوام ئازاری دەروونیمان زیاد دەکات و یادکردنەوەکانمان کاڵه کەنەوە, بەردەوام ئازارمان دەدەن, وەلێ بێ یادکردنەوەش تاوانباران رزگاریان دەبێت لەو ڕۆژەی تێیایدا نەفرەت دەکرێن, ئەو ڕۆژە بۆ تاوانباران و دالدەدەران و گەندەڵکاران بووە دۆوەخی ئەنفال, لەو ڕۆژەدا دادگایەکی نا فەرمی دەکرێن, لەو ڕۆژەدا ئەنفالکراوان دێنەوە چیرۆکی ئەنفالکردنیان دەگێڕنەوە, بۆیە دیاریکردنی ئەو ڕۆژە گرنگ و پێویست بوو.

## بۆ 14-4

شێخ وەسانان و بادینان و سەردەشت یەکەم شارو ناوچە بوون, بەر لێدانی چەکی کیمیاوی کەوتن له کوردستان, بەڵام هەڵەبجه کرا به ڕۆژی شەرمەزارکردنی چەکی کیمیاوی له کوردستان, له جیهانیش وەك یەکەم شاری قوربانیدەری چەکی کیمیاوی چووە مێژوەوە له ڕێگای پەرتووکی گینزەوە, دەشمانەوێت بیکەین به ڕۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی له هەموو جیهان له داهاتوو , چونکه قەبارەی زیانەکانی گەورەتر بوو له هەمووان و تاوانەکانی تر و ناسراوتر تربوو لەوانی پێشوتر و دواتر هەر بۆیەشه خرایه پەرتوکی گینسەوە له ساڵی 2007 دوە, هەموو تاوانێکی مەزن له سەر ئاستی گەل, پێویسته ڕۆژێك هەبێت بۆ یادکردنەوەی, بوونی ڕۆژێکی وا گرنگه بۆ ناوەندیدان به یادەوەریەکە, هەروەها گرنگیشه بۆ بەردەوام هێشتنەوەی له زەینی نەوەکانی داهاتوو و باشتر کردنی باری ژیانی ئەوانەی پەیوەستن بەو تاوانەوە و قوربانین, ئەنفالیش بەهەمان شێوە دەبێت ڕۆژێك تیایدا دیاری بکرێت بۆ یادکردنەوەی ئەو تاوانه که زیاتر له 10٪ ی گەلەکەمانی تێدا کوشت و بڕکرا, نه یەکەم ڕۆژی و نه دوا ڕۆژی ئەو تاوانه, تیایدا ئەو زیانه گەورەیەی نەبووە تا دیاری بکرێن بەو ڕۆژە , گەورەترین قەبارەی کارەساتەکه له پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان ئەنجامدرا ( دیاری کردنی ئەو ژمارانەی ڕژێم بۆ ئەنفالەکانی دیاریکردووە به کارێکی باش نازانم , بەڵکه ئەنفالەکان پێویسته به ناوی ناوچەکانیانەوە ناو زەد بکرێن).

ئەنفالی گەرمیان که له ڕۆژی ڕەشی 7 نیسان یادی دامەزراندنی پارتی بەعس دەستی پێکرد و له 20-4 کۆتایی پێهات, وەك بەعس ئاسا دڕندانەترین قۆناغی ئەنفالەکان بوو , هەرچەندە لەم شاڵاوەیان به لێدانی چەکی کیمیاوی دەستی پێنەکرد وەك زۆری ئەوانی دی " له تازەشار بەکار هات ", که سەرجەمیان به لێدانی چەکی کیمیاوی دەستیان پێکرد , وەلێ پێدەشتەکانی گەرمیان ئەو جوگرافیایه نەبوو بۆ بەرەو ڕوبونەوەی سوپای بەعس و خیانەتی عەوامفریوانەی جاشەکان بونه هۆی ئەوەی زیانەکان گەورە بن, لەگوندی تازە شار پێشمەرگەکانی ینك و حشع قوربانی گەورەیان دا, بەڵام نەتوانرا پێش به هێرشەکان بگرترێت , قەبارەی سوپای هێرش بەر گەورەتر بوو له توانای بەرەنگاربوونەوە , که پێشر له دوو پرۆسەی ئەنفالدا تێسرەواندنی کاریگەریان بەر کەوت, زیانی گەورەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لەپرۆسەی ئەنفالی گەرمیان و له ڕۆژەکانی 13-14-15—4-1988دا بوو , به تایبەتیش ڕۆژی 14-4 , زیانەکانی ئەو ڕۆژانەی کارەساتەکه گەورەترین و زۆرترین زیان بوون که به سێیەك بۆ نیوەی کۆی قوربانیەکانی هەموو تاوانی ئەنفال مەزندە دەکرێت , شەوی 13لەسەر 14 ی 4 بازنەی ئابلوقەدانی خەڵك تەسککرایەوە, له ملەسوورە زۆربەی خەڵکەکه تەسلیمکرانەوە , له

ڕۆژی 14 نیساندا لەهەردوو گوندی ملەسورەو کوڵە جۆی حاجی حەمەجان زۆربەی خەڵکی ناوچەکە پاش تەنگکردنەوەی بازنەی ئابلوقە لەسەریان هەموویانیان کۆکردەوە و ئەنفالیانیان کرد, جاشەکان ڕۆڵی کارایان هەبوو لە ئەنفالکردنی ئەو خەڵکە , بەو هانیانیان دا تەسلیم بنەوە, لەو ڕۆژەدا نزیك بە 20000 خەڵکی ناوچەکە کە بەشی زۆریان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بوون کۆکرانەوە و بە ئیڤای سەربازی و تراکتۆرو ئۆتۆمۆبێلی هاووڵاتیانی ئەنفالکراو گواسترانەوە بۆ قۆڕەتوو (قۆڕەتوو دەکەوێتە سنوری ناحیەی مەیدانی شاری خانەقین, ئەم ناوچەیە لە دوای ساڵی 1974 ەوە تەعریب کراوە) . پاشماوەی جل وبەرگەکانیان تا ناوەڕاستی نەوەدەکانیش مابوون, بەم هۆیەوە 14-4 وەك ڕۆژێك تیایدا دڕندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال گەیشتە ترۆپکی تاوان هەڵبژێردرا بە ڕۆژی ڕەشی ئەنفال, ڕۆژێك دەیان هەزار هاووڵاتی پاش ئابلوقە دان و قەتیسکردنەوەیان لە ناو بازنەیەکی تەسك لە لایەن جاشەکانەوە لە پێشیانەوە فەتاح بەگی جاف تەسلیم بە بەعسکرانەوە, بۆیە کاتێك 14-4 دێتە پێشەوە دەبێت ناوی ئەو جاشانە لە پێشی پێشەوە بن بۆ دادگاییکردن , وە ملە سوورەش ئەو جێگەیە بێت تاوانبارانی جاشی لێ سزا بدرێت و تیایدا دادگایی بکرێن.

بڕیاری حکوومەت بۆ بە فەرمی ناسینی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال

دیاریکردنی ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال هەنگاوێکی گرنگ بوو لەسەر دیاریکردنی ڕاستە ڕێگایەکی درووست بۆ بە جینۆسایدناسینی ئەنفال و بە مێژووکردنی و باشتر کردنی باری ژیای بەجێماوەکانی قوربانییەکانی, کە ساڵانە لەو ڕۆژە لە رو ناوخۆ داخوازییەکانیان دێننە مەیدان, رو لە دەرەوەش مەزلۆمیەتی گەلێکی جینۆسایدکراو بە جیهان دەناسێنن .
هەموو کات زیان هەتیوەو قازانج باوکی زۆرە , کە بۆیەکەمجار داواکرا 14-4 بکرێت بە ڕۆژی ئەنفال, تەلەفزیۆنی ماڵانی بۆ فرۆشرا , ڤیستیڤاڵەکانی تێکدرا , لافیتەی پێچرایەوە , کەسێك خۆی ناکرد بە خاوەندی , وەلێ کە هەوڵی بێپسانەوە دەگات بە ئەنجام , لە هەموو لایەکەوە یەکێك دەڵێت منم, نان و ڕۆنی پێوە دەخۆن, بازرگانی پێوە دەکەن و پارەی پێ پەیدا دەکەن, هەموو کات خەڵکانی بەرژەوەندخواست و هەلپەرست لە دوای هەوڵەکان ئامادەن , بە قازانجی خۆیان دەسکەوتەکان بدورنەوە , بە تایبەت لە ئاوهەوایەکی وەك ئەمڕۆ کەیسی ئەنفال باشترین ڕێگایە بۆ بازرگانی پێوەکردن و وەرگرتنی پلە و پۆست.
دوای 19 ساڵ لە تاوانی ئەنفال , دوای 16 ساڵ لە ئازادبوونی کوردستان , دوای 12 ساڵ لە نووسینەوەی یەکەم بەیانی فەرمی کە تیایدا داواکراوە 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال بناسرێت, هەمان بەیان لە ڕۆژی خۆیدا لە ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەربڵاوی بلاوکراوەتەوە , دوای ئەوەی ترسی هەڕەشەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و شەرمەزاری بەرپرسان لە نەهێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی کەس و کارەکانمان تۆقاندیانی , لە بەرواری 4-4 -2007بڕیار لەسەر ئەوە درا 14-4 بەرڕۆژی ئەنفال بناسرێت:
" پێشنیوەڕۆی دوێنی 2007/4/4، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، لەتەلاری ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد.لەکۆبوونەوەکەدا رەزامەندیی لەسەر پرۆژەی بڕیاری دانانی رۆژی 4/14ی هەموو ساڵێك بەرۆژی ئەنفالکراوەکان وەرگیرا ".

## چۆن 14-4 بوو بە ڕۆژی ئەنفال

ئەو ڕۆژانەی ئەنفال جێی گرنگی پێدانی کەسو لایەنەکان نەبوو , شەڕ لەسەر کۆنفرانس و کۆنگرە و دەعوەتنامەکان و دەرچوون لە ڕاگەیاندنەکان لە ئارادا نەبوو, شان بادانی سەر شاشەکان بوونی نەبوو !!! , کێشەیەکی لە بیرکراوی بێ خاوەند و تا بڵێی بێکەس بوو , ئەوەشی کاری لەسەر دەکرد بە ئێسك پەرست ناودەبراو گاڵتەی پێدەکرا , ئەو

باسکردن و کارکردنانەی هەبوو پەرتوبلاو بوو, لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵێك چالاکوانی بە راستی خۆبەخش و رۆشنبیر و هونەرموند و دلسۆزی ئەم گەلە , بە سکی برسی و ماندوەیەتی سەختی ژیانەوە , لە پاڵ نەبوونی و هەژاری خەمی ئەنفالەکانیان لە کۆل نا و شەویان دایە دەم رۆژەوە بۆ بە مێژوو کردنی ئەم تاوانە و دیاری کردنی رۆژێك بۆ یاداوەریەکە وەك قەرەبوییەکی مەعنەوی کەسوکاری و نووسینەوەی مێژووەکەی , تاکو لەو ڕۆژەدا قورسایی بدرێتە یادکردنەوەی تاوانەکە , سالآنە لە کات و ساتی خۆیدا یاد بکرێتەوە, ئەم یاداوەرییە نەمرێنرێت, لە بیری تاکەکانی گەلەکەمان بە زیندویی بمێنێتەوە و ببێتە ڕچەی ناساندنی لەئاستی جیهانیدا .

پێویستە ئەو مرۆڤە دڵسۆزانەی کە هەوڵەکانیان بەری گرت بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال , ناویان بچێتە مێژووی بەگژدا چونەوەی ئەنفال و ئەنفالچیەکان , منیش وەك ئاگاداریێکی زۆرتر لە هەر کەسێکی دیکە لە بەشێکی زۆری ئەو چالاکیانەو موبادری هەوڵەکەو سەرپەرشتیکردنیان , چەند دێرێك لەم یادەوەرییە دەخەمە سەر کاغەز, بە داوای لێبوردن لە هەموو ئەو ناوانەی بە بێ هیچ هۆکارێك لە یادیانم کردووە, تەنها هۆکاریش ئەوەیە ئاگاداری کارو چالاکیەکانیان نەبوومە یان ئاگادارم و ناویانم لە یاد کردووە , چونکە تاوانە ڕەنجی کەسانێك لە سەرەتادا بۆ بەمێژوو کردنی ئەنفال هەوڵیان داوە و ڕەنجیان داوە, چەندە هەوڵەکەیان بچووکیش بێت لە یاد بکرێن , بەری ڕەنجی کەسانی دی , هەوڵ و ماندوبوونی کەسانی دی ئەگەر لەگەڵیانیشدا نەبیت لە یادبکرێت.

پاش گەڕانێکی وورد بە ناو ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین , ئەوەی کەوتە بەر سەرنجم , یەکەم وتار لە سەر ئەو رۆژە نووسرابێت و تەئکیدی لەسەر کرابێت کە ببێتە رۆژی ئەنفال لە داهاتوودا بە ڕێز کاك " ڕ. خ " لە کوردستانی نوێ ژ 66 ی 14-4-1992 دا نووسیویەتی , کە دوایی بۆم دەر کەوت ناوی بەڕێزی کاك ڕەحمان خانییە لە شاری دەربەندیخان, هەروەها دووەم بابەت لە پەرتووکی تونی مەرگ کە بەڕێز زیاد عەبدڕەحمان "نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا" نووسیویەتی هاتووە (( (c.d.a.w.e) لە ساڵی 1993 هەمان ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی یادکردنەوەی هەڕەشەکانی ئەنفال داناوە ویادی کردەوە, لە هەمان ڕۆژی ساڵی 1994 یش دا یادی ئەو ڕۆژە لە سنووری پارێزگای کەرکووك لە گەرمیان کرایەوە , پێدەچێت ئەو ڕۆژە لە داهاتوودا ببێتە یادی قڕ کردنی بە کۆمەڵی گەلی کورد ( پەرتووکی تونی مەرگ –ل9) لێرەوە نووسەر ئەگەرێك دادەنێت بۆ بوونی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی یادی قڕکردنی بە کۆمەڵی گەلی کورد وەك دووەم هەوڵ, نەك بە کردنی بە ڕۆژی ئەنفال( کتێبی تونی مەرگ یەکەم هەوڵی گەورەو مانفیستۆی کارکردن بوو بۆ ئەنفال و ئازایانە ناوی ئەنفالچیەکانی بلاَو کردەوە بۆیە سەرەتایەکی ئازایانەو جێگای ستایشە) .

وەلێ کاك شێخ سدیق لێکۆڵەر و چالاك لە بواری پرسی ئەنفال دەڵێت : لە 14-4-1993 بە پشتگیری لیژنەی پارێزگای کەرکووکی حیزبی شیوعی کوردستان و مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو یادە کرایەوە لە ئۆردوگای سمود (ڕزگاری) , لیژنەی ئامادەکار بریتی بوون لە : شێخ سدیق , دڵشاد تاڵەبانی , هێمن کەرکووکی "سەبوور " ئەو یادە ڤیستیڤاڵێکی گەورە بوو , بەشێك لە چالاکیەکانی بریتی بو لە: ئەنجامدانی ڕێپێوانێك لە ناو ئۆردوگاکەوە بۆ بەردەم فوتابخانەیەك , ڕێپێوانەکە بە تراکتۆر و ئۆتۆمۆبێل نمایشی تاوانی ئەنفال بوو, لەبەردەم قوتابخانەکە وتاری لایەنەکان خوێنرایەوە, ڕۆژی دواتریش لە کەلار پیشانگایەك بەو بۆنەیەوە کرایەوە .

ڕۆژنامەکان ئەو ڕۆژانە باشترین بەڵگە نامەن بۆ ئەوەی بزانین ئەم هەولآنەی دراون بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال چەند کاریگەر بونەو جێگای خۆیان گرتوەو گەیشتوونە بە جێی مەبەست و توانیویانە ئەو داواکارییە بسەپێنن.

ڕۆژنامەکانی کوردستان تاکو ساڵی 1995 ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی ئەنفال نەناساندووەو هیچیان لەبارەوە نەنوسیووە, وەك شایەدحاڵێکی زیندووی تاکە راگەیاندنی مونەزەم لەو ڕۆژگارەدا, با پێکەوە بۆ راستی بۆچونەکەمان چاوێك بە چەپکێك ناونیشان و مانشێتی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتانە بخشێنین .

کوردستانی نوێ ژمارە660 ی بەرواری 14-4-1994, لە مانشێتەکەیدا هاتووە ( بەیانامەی م س ینك بە بۆنەی کۆچی دوایی هەڤاڵ ڕەسوڵ مەمەند ) , ئیتحادی ژمارە 75 ی بەرواری 16-4-1994 یش هەمان بابەتە مانشێتەکەی.

الاتحادی ژمارە 127 بەرواری 15-4-1995 لە مانشێتەکەی هاتووە , (امریکا قلقه علی حقوق الانسان خصوصا فی اقلیم الکردی بترکیا).

ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە 86 ی بەرواری 12-4- 1996 لە مانشێتەکەیدا هاتووە: ( فرە زمانی و فرە ڕەگەزی نیشانەی گەورەیی خودان و دەبێ بپارێزرێن , ڕیسوا بێت سیاسەتی جینۆساید و قڕ کران ).
کوردستانی نوێی ژمارە 66 ی بەرواری 14-4-1992 لە مانشێتەکەی هاتووە: (سەرکەوتنێك لەگەڵ ڕژێم بەهای ئەو کاغەزەی نابێت کە لە سەری مۆر دەکرێت ).
کوردستانی نوێ ژمارە 962 بەرواری 14-4-1995 مانشێتەکەی بریتی بوو لە: (لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەی ئەکیوسدا بڕیاربوو دوێنێ ئەنجومەنی ئاسایش پرۆژەی فرۆشتنی بەشێك لە نەوتی عێراق پەسەند دەکات) (هەرچەندە لەم ژمارەیەدا بابەتی زۆر لەسەر ئەنفال لە لاپەڕەکانی ناوەوە بلاو کراوەتەوە , لە ناویشیاندا بەیاننامەی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان لەسەر 14-4 و چالاکیەکانی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان )ی تێدایە, کوردستانی نوێی ژمارە 1262 ڕۆژی یەك شەمەی بەرواری 14-4-1996 لە مانشێتەکەیدا هاتووە (تەنها بە دادگاییکردنی ئەنفالچییەکان ڕوحی شەهیدانمان شاد دەبێت ) .
ئاڵای ئازادی ژمارە 68 ی بەرواری 11-4-1993 دا لە مانشێتەکەی ئەمەی خوارەوە هاتووە : بە سەرخستنی دەست پێشخەری pkk, بەرنامەی هاوبەش و هاوکاری سیاسی , ئەرکێکی نەتەوایەتییە .
بەڵام لە ئاڵای ئازادی ژمارە 166 ی بەرواری 16-4-1995 دا هاتووە (ئەنفال بەڵگەی خۆڕاگری میللەتەکەمان و دڕندەیی دوژمنانە ).
لە بۆ پێشەوەی ژمارە 18 ی نیسانی 1995 (با یەکی ئایار بکەینە ڕۆژی بەرپاکردنی بزووتنەوەی شوڕایی جەماوەری بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ و برسێتی , هاوکات بابەتێکی بچوك لە سەرەوە نوسراوە بە ناوی (کارەساتی ئەنفال و وەحشییەتی ناسیۆنالیزم).
هەرچی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە 1920 بەرواری 14-4-1994 ە لە مانشێتەکەی هاتووە (هێژا مسعود بارزانی لە پرسەی خوالێخۆشبوو رسول مامەند ئامادە دەبێت), هەرچەندە پەیامی برایەتی لەسەر تاوانی ئەنفالە, بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە بەرواری 14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال نەکراوە . بەڵام لە ڕۆژنامەی وولاتی بەرواری 15-4-1996 ژمارە 151 دا هاتووە (یادی ئەنفالەکان هاندەرێکە بۆ سوور بوون لەسەر خەبات). هەرچی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستانی ژمارە 2 ی ساڵی 48 ی ساڵی 1992 هاتووە(پرۆژەی بەڵگەنامەی بەرنامەی..) , هەرچی ژمارە 94ی بەرواری 12-4-1993 هاتووە (هەلومەرجی کوردستان وا دەخوازێ کە بە پەلە هەوڵی بەستنی کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بدرێ) , لێ لە ڕێگای کوردستانی ژمارە 104 ی بەرواری 19-4-1994دا هاتووە (بە بۆنەی یادی شەشەمین ساڵڕۆژی شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان پێویستە بایەخێکی زیاد بە 182000 ئەنفالکراوو کەس و کارەکانییان بدەین ).
سەرباری ئەوەی بابەتی ڕێگامان لەسەر ئەنفالە , وەلێ ڕێگای کوردستانی ژمارە 152 ی بەرواری 11-4-1995 لە مانشێتەکەی هاتووە (14 ی نیسان ساڵگەردی ئەنفالە شوومەکان و ڕەمزی گەورەترین تاوانی سەدام دژ بە گەلەکەمان )(ڕۆژی 14 نیسان ڕۆژێکی هەرگیز لە یاد نەچووە لە بیرو هزری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان , ئەم ڕۆژە هێمایەکە بۆ گەورەترین تاوان کە ڕژێمە شۆڤینیستیەکەی سەدام دژ بە گەلەکەمان ئەنجامی دا ). بەم جۆرە دەبینیین لە ساڵی 1994 ەوە لە مانگی نیسان باسی ئەنفال کراوە , بەڵام لە ساڵی 1995 ەوە جەخت لەسەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال کراوەتەوە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان, لە هەموو ڕۆژنامەکانی ئەوکات زیاتر گرنگی بە پرسەکە داوە.
لە ساڵی 1994 دا لە ژێر درووشمی (دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان ) کۆمیتەی باڵای یادکردنەوەی ڕۆژانی ئەنفال لە یادی 6 ەمین ساڵەی کارەساتی ڕۆژانی ڕەشی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعس, لە ڕۆژانی 14-15-4-1994 زنجیرە چالاکییەکی لە کەلار و سمود ئەنجامدا , لیژنەی سەرپەرشتی یادەکە لە لایەن مەڵبەندی کەرکوکی ینك و هاوڕێیانی حشکع-کەرکووك و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان سازدرا بوو (کوردستانی نوێ 18-4-1994 ژمارە 663).
لێرەدا پێویستە ئەوە ڕابگەیەنین لە ساڵانی 1995 و 1996 , بە داواکاری ئێمە لە ڕاگەیاندنەکان 14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال ناسێنرا و چووە مانشێتەکانەوە , پاش سەردانیکردنی هەر هەموویان.
کاك سەردار عەبدللە یەکێك لە چالاکوانانی ئەوکاتی ئەنفال پێی ڕاگەیاندم : بۆ سالی دواتر مەبەستی ساڵی 1996 ە , کە بینیمان لە 14-4 لە هەولێر یادی ئەنفال بە بەرفراوانی کرایەوە , ئێمەش لەوە بە دواوە سور بوین لەسەر دیاریکردنی 14-4وەك رۆژی ئەنفال .

نابێت ئەوەش لە یاد بکەین لە ئایاری ساڵی 1994 شانۆگەری وەرزێکی شووم لە شاری هەولێر پێشکەشکرا کە بەڕێزان فەخرەدین گەرمیانی و خاڵە حەمرین (یادی بەخێر) و لالۆ ڕەنجە و کۆمەڵێك دڵسۆزی دیكە ڕۆڵیان تێیدا هەبوو , گوزارشتی لە تاوانی ئەنفال دەکرد , وەلێ بە ئامانجی دیاریکردنی 14-4 نەبوو بە ڕۆژی ئەنفال و هاوکات لەو ڕۆژەشدا نمایش نەکرا.

بانگەوازی ڤیستیڤالی یەکەمی ئەنفالەکان لە 12-3 بۆ ئەنجام دانی یەکەم ڤیستیڤال لە هەولێر بلاو کرایەوە , کە لە 14-4 ڤیستیڤاڵەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە لە هۆلی مدیا بەردەوام بوو, ئەم بەرێزانە رۆلیان لە ئامادە کردن و سەرکەوتنی یدا هەبوو((محمد ملا سدیق –لالۆ رەنجدەر –سەدرەدین خۆشناو-فاتیح شەیدا-کەریم غەفور " کەریمۆك" –قادر نادر-فریاد هیرانی-ئاشتیە سور و هاوسەرەکەی" دارا و پایزە" " رۆژنامەی ئەمڕۆ" , محەمەد مشیر- هاوار مستەفا- سۆزان مامە-بدرالدین سالح- نیهاد دزەیی- کەریم سەرکەش-هەردی سەردەم –دەشتی سەردەم – فەلاح حەسەن –عادیل قەشقە- -مامۆستا رەحیم-عوسمان عمر( عوسمانی خەتم ) -رزگار مام بۆرە- مامۆستا فرهاد خالید-نهاد جامی –تەحسین فایەق-ئاوارە خان-کەریم مەلا-مامۆستا کمال غەمبار- هونەرمەند محەمەد ئیسماعیل- پارێزەر دلێر محەمەد شەریف -سەلاح مەزن- مامۆستا عەبدالرەحمان سدیق- ئازاد سلێمان و رەوان شاد هاوکار و هێمن حەساری و شەفیق حاجی خدر و کنێر جەمیل و شەوقی دارەتوو و جەماڵ شوشە و عەدنان کۆچەر و ........هتد .هەروەها بەرێزان رزگار شوانی و رزگار حەساری و فواد سدیق لە رێگای کوردستان و کاك ستران عبدللە و کاك دلشاد عبدلله و ئیسماعیل عەبدالکەریم لە کوردستانی نوێ و کاك غازی حەسەن و ئیدریس شەیداهۆ و کاك بێکەس حەمەد قادر لە ئالای ئازادی بەشداری کاریگەریان کرد لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانیانەوە , بەوەی کاریگەریان لەسەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانیان دانا بۆ ئەوەی 14-4 وەکو ڕۆژی ئەنفال بناسن و گرنگی پێبدەن و مانشێتی لەسەر دابنێن وێڕای لە چالاکیەکانیشدا رۆڵیان هەبوو .

بۆ سالی دواتر واتا 1996 , جگە لەو بەرێزانەی ناویان لە ڤیستیڤاڵی یەکەمدا هاتووە , بەرێزان سەرهەد تۆفیق –شوان داودی –غازی حەسەن- گرفتار کاکەیی- هەردوو مامۆستای هێژاو تێکۆشەر خالید دلێر و سەعید ناکام و محەمەد ساڵەیی و هەندرێن حەمەدەمین شەقلاوەیی و پالەی خالید دلێر و هیوا ناسیح و ئەسکەندەر جەلال و فەرحان و خالید کاوێس و ئازاد و ,,,, هتد بەشدار بوون , ئەو ساڵە بە داواکاری ئێمەو بە هاوکاری بەرێز کاوە نادر پارت و رێکخراوە سیاسی و رۆشنبیریەکان دەیان بەیاننامەیان لە 7-4 دوە دەرکرد بە بۆنەی 14-4 و ناساندنی وەك ڕۆژی ئەنفال , لەوە بە دواوە ئیتر 14-4 وەك رۆژی ئەنفال بو بە ئەمری واقیع چ لە بواری سیاسی یان جەماوەری .

ساڵی 1995 یەکەم بەیاننامە بە بۆنەی 14-4 ڕۆژی ئەنفال, ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان" من نوسیمەوە" دەرکرا, دواتر دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیان دەرکرد وەك دووەم بەیاننامە بۆ ئەنفال دەرکرابێت, هەرچەندە لە بەیاننامەکەی یەکگرتوودا هاتووە (ئێمە لە ئاوا ڕۆژێکدا کە یادی ئەو کارەساتە بێ دینی یە دەکەینەوە ,داوا لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان دەکەین, کە وەك تاوانە جینۆسایدییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و , جەنگە جیهانییەکان و ,کارە بە کۆمەڵ کوژییەکانی ستالین و هیتلەر , لە قەڵەمی بدەن و ,گلاوی نیازی ڕژێم لە بەکارهێنانی وشەی (ئەنفال)ڕسوا بکەن و, وشەو زاراوەیەکی بۆ بەکار بێنن کە ڕێسی پیلانی هەڵوەشێنێتەوە – بەشێك لە بەیاننامەی مەکتەبی ڕاگەیاندن بە بۆنەی یادی کارەساتی بەناو ئەنفالەوە – یەکگرتوو ژمارە 37 ) , دیارە ئەم هەوڵەش لە لایەکەوە دڵسۆزییە بۆ پرۆسەکە , لە لایەکی دیکەوە بەشێك بوو لە نەخشەکانی پارت و لایەنە ئیسلامیەکان بۆ سڕینەوەی وشەی ئەنفال و بەکارنەهێنانی و مانەوەی بە پیرۆزی لە کۆمەڵگای کوردیدا و نە چەسپینی لە گەڵ تاوانەکەدا, کە بە بڕوای ئەوکاتی ئەوان لەگەڵ بەها ئاینیەکاندا ناهاتەوە .

ساڵی 1996 بەهۆی سەرکەوتن و دەنگدانەوەی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان هەوڵەکان گەورەترەوە بوون , بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکان لیژنەی سەرپەرشتی لە هەولێرو شەقلاوە دروست کرا , هەروەها داوا لە حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان کوردستان کرا , بەیاننامە بەبۆنەی 14-4 دەربکەن و لافیتە لەو یادەدا هەڵواسن , بۆ ئەوەی شاری هەولێر سیمای ئازییەت باری گشتی بە خۆوە بگرێت , لە ساڵی 1996 لیژنەی کاری هاوبەشی حیزبە کوردستانیەکان لە 1-4 دوە بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکرد لەسەر 14-4 و ناساندنی وەکو ڕۆژی ئەنفال , کە لە 7 حیزبی کوردستانی پێك هاتبوون , سەرباری ئەم لایەنانەی خوارەوە : بزوتنەوی موسڵمانانی کوردی فەیلی –سەرکردایەتی

شۆڕگێڕ –حزبی اتحادی تورکمانی–کۆمەڵەی جوێلۆجی کوردستان-یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان-ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان-حزبی سۆسیالستی کوردستان-یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان-دەستەیەك لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری-کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی گەرمەسێر . سەرباری ئەوەی دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی لافیتەیان بە داواکاری ئێمە لەناو ڤیستیڤاڵەکەو شەقامەکانی هەولێر و بەردەم بنکەو بارەگاکانیان هەڵواسی, ئەو بایاننامانەش بە سوپاسەوە بە داواکاری ئێمە دەرکراون, بە پێ بارەگا بە بارەگا بەندە زۆر جاریش لە گەڵ مامۆستا بەدرەدین گەڕاوین و پاڕاوینەتەوە تا بە دوی داواکارییەکانمانەوە هاتن.

لە بواری ڕاگەیاندندا ڕۆژنامەکانی ووڵات , ئاڵای ئازادی , یەکگرتوو , پاڵە مانشێتەکەیان ئەوساڵە لەسەر ئەنفال بوو , ڕێگای کوردستانیش سەرتاپای بە ڕەش دەرچوو و مانشێتەکەشی لەسەر ئەنفال بوو .

ئەم بروسکەی پشتگیریانەش گەیشتنە ڤیستیڤاڵەکە : ( دەستەی ڕۆژنامە نووسانی ئازاد-حزبی الاتحادی تورکمانی-مکتب سیاسی– تیپی شانۆی نیشتمان-مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان-حزب الاخا تورکمانی –مکتب سیاسی– بزاڤی خوێندکارو لاوانی کوردستان-سکرتاریەتی باڵا– حیزبی ڕزگاری کوردستان-مەکتەبی سیاسی -–مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامییا-یەکێتی پێشەنگانی کوردستان-کۆمەڵەی جەنگاوەرانی پێشەنگی کوردستان- کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان-یەکێتی بێکارانی کوردستان-کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان-ڕێکخراوی جیهانی بۆداکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ(ئەمینداری گشتی)-بزوتنەوەی ڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز-هەولێر—کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد-مەڵبەندی چوار—کۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێری حیزی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق—کۆمەڵەی فەرهەنگ و ئاوەدان کردنەوەی باڵەکایاتی—یەکێتی ژنانی کوردستان-مەکتەبی سکرتاریەت—ئەنجومەنی پارێزەرانی کوردستان—تیپی شانۆی ڕۆژی نوێ—بزووتنەوی دیموکراتی گەلی کوردستان—کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکان—مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جوتیارانی کوردستان—خوێندکارانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان—کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حیزبی شیوعی کوردستان—کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر—کۆمیتەی تایبەتی مەکتەبی سیاسی ی ن ك—خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان—ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان—لەشکری 16 دەشتی هەولێر ینك—تیپی شانۆی حەمرین—کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان—ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە کوردستان (کوردستان ۆچ)—ناوەندی هەولێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان –ڕادیۆی ڕێگای کوردستان—ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان—ڕێکخراوی ڕەوتی بەلشەفیك—یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان).

ئەم لایەنانەی سەرەوە ناویان هاتووە , زۆربەشیان بە هەڵواسینی لافیتە لە دەرەوەی هۆڵی ڤیستیڤاڵ بەشداریان کرد , شاری هەولێر تا ئەوکاتە هیچ بۆنەیەکی وای تێدا نەکرابوو , بەو ئەندازەیە لافیتەی تێدا هەڵبواسرێت , بە درێژایی چەندین کم بەملاو ئەولای هۆڵی میدیادا , سیمای ئازییەت باری گشتی بەخشی بە شار ئەو چەند ڕۆژە.

ئەم لایەنانەی خوارەوەش تەنها لافیتەیان لە ڤیستیڤاڵەکەدا هەبوو : ( بیرۆی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان- ڕۆژنامەی ووڵات-ڕۆژنامەی شمس وەتەن-حیزبی شیوعی عێراق-پارتی کرێکارانی کوردستان-لیژنەی پارێزگای کەرکوکی حیزبی شیوعی کوردستان-یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشان-لقی هەولێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان-کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان-ڕادیۆی نیشتمان-حیزبی شیوعی کوردستان مەکتەبی سیاسی-کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکوك- کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی گەرمەسێر –مەکتەبی مافی مرۆڤی ی ن ك-یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان) , هەروەها ئەم هونەرمەندانەش بە تابلۆ بەشداریان کرد لە پیشانگای کورد قڕان : (جوهەر محەمەد خدر-دارا محەمەد عەلی-دلێر محەمەد شەریف—سلێمان شاکر—سەربەست عومەر—سۆران-جعفر محمد غریب-جماڵ مشیر-عبداللە سەراج-فیسەڵ عوسمان-کامران – ڕزگار فقێ عبداللە-ئازاد ئەنوەر-گرفتار کاکەیی)(چارەنووس ژمارە 2 – حوزەیرانی 1996) *.

دیارە ئاماژەم بە زۆر ناو دا , کەسانی تێدا بوو وەك بەدرەدین حەمەساڵەح و کاك نیهاد دزەیی و سەرهە تۆفیق زۆر ماندوو بوون , کەسانی دیکەش بەشداریەکی ڕەمزیان کرد, پشتیوانییەکی مەعنەوی بوون بۆ یاداوەرییەکە .

هەرچەندە ڤیستیڤاڵی دووەم یاساغکرا و ڕێگە لە ئەنجامدانی گیردرا لە شاری هەولێر ( بەهۆی بەرپرسانی ئەوکاتی دەزگای ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك , ئەو یادکردنەوەیەشیان لێمان بە ڕەوا نابینی و دژ بە دیاریکردنی 14-4 بوون بە ڕۆژی

ئەنفال) , وەلێ کە مەمنوع کرا زیاتر مەرغوب بوو و دەنگدانەوەی زیاتری بوو, ڤیستیڤاڵە کارتۆنیەکەی ئەوانیش دەیان جار ئیمکاناتی زیاتری بۆ تەرخان کرابوو چۆڵ و هۆڵ کەم کەس بە لایدا چوو, لەسەر پارەش بووە شەڕیان) , بە داخەوە زۆری ئەو چالاکییانەی بۆ ئەو بوارە دەکرێن تا ئێستا شەفاف نین و لە پاڵ ئەو یاداوەریانەوە گیرفانەکان پڕە کرێن, تا ئەوکات رێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان چالاکترین رێکخراوی مەدەنی و جەماوەری بوو لە کوردستان وەلێ یەك فلس بودجەی نەبوو هەموو کارەکانی لەسەر گیرفانی بەندە بوو.

گرنگ ئەوەیە پەیامەکانی یادەکە چەسپی و لە کۆتاییدا ڕۆژێك دیاریکرا بە ڕۆژی ئەنفالکراوەکانمان کە 14-4 بوو دیریکرا, لەو ڕۆژەدا خەم و داواکارییەکانمان یەك دەخەین, بە چاو بۆ ئازیزانمان دەگرێین, بە بیر ڕێگایەك دەدۆزینەوە بۆ بە بە مێژووکردنی, بە دەست و دەنگێکی بەرزیش ئازایانە دەڵێین سەرجەم تاوانکاران بێجیاوازی بۆ بەردەم دادگا, پەیامەکانی 14-4 لە بەجینۆساید ناسینی ئەنفال و بە دادگایی گەیاندنی تاوانباران و باشتر کردنی باری ژیانی قوربانیان هەر دەگاتە بەر, بە هاتنە مەیدانی بنەماڵەی قوربانیان.

لە کۆتادا دەمەوێت رابگەیەنم بۆ ئەنجامدانی یاداوەرییەکە , ڤیستیڤاڵی یەکەم یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و حیزبی شیوعی و ینك" حاکم قادر" هاوکاری مادییان پێشکەش کرد, بۆ دووەمیش هەمان دوو حیزب و یەکێتی نیشتمانی کوردستان " بەرێز فوئاد مەعسوم", ڤیستیڤاڵی شەقلاوەش پارتی دیموکرات مەسرەفی کێشا ئێمە دەستمان لە پارەکەی نەدا, ڤیستیڤاڵی یەکەم زۆربەی خەرجییەکانی لە ئەستۆی بەندە بوو, هاوکارییەکان کەم بوون, پارەو داهاتەکانی زۆر شەفافانە وەرگرتران و خەرجکران, مامۆستایەکی دەست پاك رەوانشاد خالید دلێر سەرپەرشتی دەکرد, بە دەستنوێژیشەوە دەستی لە پارەکان نادا, لە شەقلاوەش مامۆستا رەوان شاد مامۆستا سمکۆ ناکام هەمان تەسەروفی دەکرد, تەنها بە چاوەکانیان ئاگاداری بوون روحیان شاد, دەتوت دوژمنداریان لە گەڵ شتێك هەیە ناوی پارەیە, سەرجەم هاوڕێیانی دیش هەمان تەسەروفیان هەبوو, بەسکی برسییەوە کارەکانیان رادەپەڕاند.










**یەکەم کۆبونەوە بۆ سازدانی یەکەم ڤیستیڤاڵی ئەنفال**

REGAY KURDISTAN
TUESDAY, 11 APRIL 1995 NO. 952

# ١٤ی نیسان

## ساڵگەردی ئەنفالە شوومەکان و رەمزی گەورەترین تاوانی صدام دژ بە گەلەکەمان

[illegible]




## ئاگاداری

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان، رۆژی ١٩/٤ شانۆگەری "ئەنفالستان" لەنووسین و دەرهێنانی کاک کریم عەفوور پێشکەش دەکرێت.

بۆ ناسینی ئەنفال چییەکان و بۆ ئاگاداربوون لە نهێنییەکانی ئەنفال ئەم شانۆگەرییە سبەینێ لە هۆڵی میدیا کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ پێشکەش دەکرێت.

هاتن بۆ هەمووانە.

لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان

# ڤیستیڤاڵی یادی ئەنفالەکانی کوردستان




جێگیر بوونی ئەنفالەکان لە مێژوودا و دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ کەس وکاریان، هەروەها ئاشکرا کردنی چارنووسی بزربووەکان ئەرکی هەموومانە.

٤/١٢ تاکو ١٩٩٦/٤/١٩

## فیستڤالی/پ

- گەلاوێژجەباری مەکتەبی ژنانی کوردستان ٠٠٠ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ٠٠ یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان ٠ د.شوکریە رەسوڵ
یەک شەممە ٤/١٤

کاتژمێر ٠ ٠١٠ ی سەر لە بەیانی : کەرنەڤالی ڕێپێوانی شانۆیی لەبەردەم هۆڵی میدیاوە دەست پێ دەکات بۆ ناو بازاڕو لەبەردەم پارێزگادا کۆتایی پێ دێت. چەندین تیپی شانۆیی بەشداریی تێدا دەکات.

بەشداری کردنتان لەم کەرنەڤالە شانۆیی یە نیشانەی بەتەنگەوە هاتنتانە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و باشترکردنی باری ژیانی کەس و کارەکانیان و ریسواکردنی ئەنفالچیەکان و رەتکردنەوەی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا.

تێبینی: هەموو چالاکیەکان لەهۆڵی میدیاو گەلەری یەکەی دایەو بەکاتی هاوینە پێشکەش دەکرێن.

لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤالی دووەمی یادی ئەنفالەکان

# فیستیڤالی یادی ئەنفالەکان




لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤالی یادی ئەنفالەکان لەژێر دروشمی لەپێناو ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و بەهەشیرو کردنی ئەم تاوانەو زامن کردنی ژیانی ئاسوودەیی بۆ کەس و کارەکانیان ، وەک وەڵامدانەوە بۆ یادی دامەزراندنی حزبی فاشستی بەعسی بەغدا لە ٧ی نیساندا و لەهۆڵی میدیاو گەلەری یەکەیدا لەهەولێر یادی ئەنفالەکان دەکاتەوە مەراسیمی فیستیڤالیش بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

یەک شەممە ٤/٧:

کاتژێر ٠ ٢/٣٠ ی پاش نیوەڕۆ پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان بەناوی کورد قران کە لەلایەن چەند مندالێکی کەس و کار ئەنفالکراوەوە دەکرێتەوە

کاتژمێر ٤ ی هەمان رۆژ ئاهەنگی رێز لێنان لە ئەنفالکراوەکان پێشکەش دەکرێت کە بەچەندین سرودو شانۆ دەرازێنرێتەوە ، لەمیانی بەرنامەکاندا پروسکەی حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و کۆرو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان دەخوێندرێتەوە و بە پارچە شیعرو پەخشان ئاهەنگەکە دەرازێنرێتەوە

دوو شەممە ٤/٨

کاتژمێر ٤: پەیامی ئەنفالکراوێک لە قوڵایی مەرگەوە ، عەزیز رەئوف محمد

کاتژمێر ٤/٣٠ سیمینیاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ، ئەنفال لەروانگەی مافی مرۆڤەوە

١- کۆمەڵەی مافخوازان لەکوردستان ، کەمال غەمبار ،
٢- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ،محمد سالح ئامێدی،
٣- ڕێکخراوی جیهانی بۆ داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ ،د. ئاسۆ عبداللە،

سێ شەممە ٤/٩

کاتژمێر ٤

مێژووی جینۆساید لە کوردستان ،ئارام،

ئاوانی ئەنفال لەروانگەی یاساییەوە ، شەفیق حاجی خدر،

چوارشەممە ٤/١٠

کاتژمێر ٤

ژیان و چارەنووسی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان:

١- کاریگەری ئەنفال لەسەر باری ئابووری کوردستان ، مامۆستا احمد چاوشین ،
٢- کاریگەری ئەنفال لەسەر باری کۆمەڵایەتی کورد ، د. رشاد میران
٣- کاریگەری ئەنفال لەسەر جوتیارانی کوردستان بهاالدین نوری
٤- کاریگەری ئەنفال لەسەر باری دەروونی خەلکی کوردستان مامۆستا کریم شریف قەرەچەتانی

پێنج شەممە ٤/١١:

کاتژمێر ٤: لە جینۆسایدەوە بۆ راپەرین ،
- ئەنفال ئاوانی سەردەم ، حسن جاف
- کاریگەری ئەنفال لەسەر راپەرین ، عبدالرزاق مرزنگ
- جینۆساید یاخود کورد قران ، ئالی حسن
- باسی ئەنفال چۆن لەپەرتووکی قەندیل پەغدای هەژاند هاتووە علی محمود محمد

هەینی ٤/١٢

کاتژمێر ٤: کۆرپکی چیرۆک خوێندنەوە بۆ پەرژان : جلیل کاکەوەیس، سەرفراز نەقشبەندی، صدرالدین خۆشناو ، ئارام سلیم کریم غفور

کاتژمێر ٤/٣٠ : پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتیمان لەروانگەی ئیسلامەوە : ئەندازیار عبدالرحمن صدیق

شەممە ٤/١٣

کاتژمێر ٤:

چارەنووسی خێزانی ئەنفالکراوەکان لەبەیدە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان

پەرلەمانتاری پارتی DYP ، فارس ئۆزتەمیبر ، داوای پیادەکردن کە بینەرانی MED-TV لەکوردستان لەژمارە نایەن و داوای لەدەوڵەت دەکات کە ئەلقەزیبلی کوردی لە گۆر سیاسەتی خۆی بکاتەوە

# بانگەواز

بۆ پێکهێنانی لیژنەی سەرپەرشتی یادکردنەوەی ئەنفالە بەدناوەکان و بۆ بە مێژووکردنی ئەنفال لە کوردستان، داوا لە هونەرمەندان و نووسەران و مێژوونووسان و شاعیران و رۆژنامەنووسان و رووناکبیران دەکەین بۆ کۆبوونەوەی رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٩٥/٣/١٨ کاتژمێر ٢٫٣٠ ئامادە بن لە ناوەندی رۆشنبیری سەردەم بۆ ئەوەی بەبێنی ئەم خاڵانە بەرهەمەکانیان بەشداری ڤیستیڤاڵی یادکردنەوەی ئەنفالەکان بکەن. کۆڕو سیمینار ١ـ تەفسیری ئەنفال لە روانگەی ئایین و مێژوو. ٢ـ مێژووی ئەنفال لە جیهان ٣ـ ئەنفال کردنی مرۆڤ لە هەر وڵاتێك ٤ـ ئەنفال کردنی زمان و مێژوو، کلتوور و کەسایەتی. ٥ـ خوێندنەوەی چیرۆك و سەرگوزشتەی ئەنفال کراوەکان. ٦ـ خوێندنەوەی شیعر. ٧ـ پێشانگای هونەری (شێوەکار، کاریکاتێر و فۆتۆگراف) ٨ـ سروود گۆرانی و مۆسیقا.

رێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان

---

## ڤیستیڤاڵێك بۆ لە یادنەکردنی ئەنفالکراوە ئازیزەکانمان

* ئامادەکردنی : ئاسۆ *



[illegible]



[illegible]

ریگای کوردستان
خاوەنی ئیمتیاز: فەتاح تۆفیق
سەرنووسەر: هادی مەحمود
ناونیشان : هەولێر چوار...
چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری / هەولێر

## لە خەوەتەمین ساڵگەڕدی دا

# یەکەم ڤیستیڤاڵی ئەنفالە بەدناوەکان



ڤیستڤاڵی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان لە ١٤/٤/١٩٩٥ تا ٢٠/٤/١٩٩٥ لە هۆڵی میدیا.

– لەڕۆژی هەینی ١٤/٤/١٩٩٥ کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ بە ڕێپێوانێکی شانۆیی لە "گۆڕەپانی ئاشتی" دەست پێ دەکات بەرەو هۆڵی (میدیا).

– لەوێ ئەم چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیرییانە پێشکەش دەکرێ:

١- پێشانگای هونەری "کاریکاتێرو شێوەکار".

٢- ئاهەنگی سروودو مۆسیقا.

٣- شانۆگەری.

– ١٥/٤/١٩٩٥ شەممە کاتژمێر (٤) عبدالرزاق صافي (جرائم صدام حسين في الانفال والحقوق الانسان) بەزمانی عەرەبی.

– ١٦/٤/١٩٩٥ یەک شەممە کاتژمێر (٤) صلاح مەزن (شێواندنی کەسایەتی کورد لە ڕێگای کەلتوورو ڕاگەیاندنەوە).

– ١٧/٤/١٩٩٥ دووشەممە، کاتژمێر (٤) کۆڕێکی چیرۆک خوێندنەوە بۆ بەڕێزان (صدرالدين خۆشناو، کریم غفور، فرهاد حسن هیرانی، علی محمود، فاتح عەبدا،

– ١٨/٤/١٩٩٥ سێشەممە عبدالرحمان صدیق (ئەنفال لە ڕوانگەی ئاینییەوە).

– ١٩/٤/١٩٩٥ چوارشەممە سیمینارێک (مێژووی ئەنفال).

– ٢٠/٤/١٩٩٥ پێنج شەممە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ شاعیران: نالە حەسەن، بەهرە مفتی، شیرین شەیداهۆ، خالد عوسمان، سۆزان مامە، بەختیار مامە (ئێشدار)، سەرهەنگ ئیسماعیل، شیعرێکی دیوانی بوخچەو بارکە، ڕانا خەلیل.

## یادی ئەنفالەکان لە شەقلاوە

لە شاری شەقلاوە لیژنەی سەرپەرشتی یادی ئەنفالەکانی کوردستان لە رۆژانی ١٢-٤/١٩ یادکردنەوەی ئەنفالکراوەکان ساز دەدات بەم شێوەیە:

* ٤/١٢ دەستپێکردنی فیستیڤاڵ و کۆڕێک. لەوەدا ئەنفال لە روانگەی مافی مرۆڤ لە لایەن ـ ماموستا کەمال غەمبار ـ

واجبنوسانید بان کورد قران ـ غازی حەسەن).

* ٤/١٣ پێشەنگای هاوینەی شێوەکاریی ( شێخ وەسانان لە ناوەوەو دەرەوە ـ ماموستا محمد مەلا قادر) لە یابیەکان یەکەمین ئەنفال کوردستان ـ مظفر قیل).

* ٤/١٤ لکارەساتی ئەنفال کردنی بارزانیەکان ـ رێبەر ئەحمەد (و) پرۆسەی ئەنفال لە کوردستان ـ نظام الدین گل لە ئەنفال لە روانگەی

ئیسلامەوە ـ خالە کاوە)

* ٤/١٥ (پیشانگای کاریکاتێری (و لەوری شالفروەت و ئەنفال (و ئەوەی بە چاوی خۆم بینیم و بەسەرمدا هات ـ شێخ عەدالەت ئالەبانی ).

* ٤/١٦ (پشراستنی مۆرکی نەتەوایەتی لە روانگەی ئیسلام ـ ئەندازیار ـ عبدالرحمن صدیق) و (ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ماکس ڤان دیرشتویل ـ تارق گەردی) (و پرۆسەی ئەنفال ـ سەرهەد توفیق)

* ٤/١٧ (ئەنفال لە بادینان ـ فلك الدين كاكەيی) (ژنە وەری ئەنفال لە بادینان)

* ٤/١٨ پێشەنگای فۆتۆگرافی ـ کۆزی شێخ.

* ٤/١٩ شانۆگەری پاشماوەکان لە ئامادەکردنی کۆمەڵەی شەقڵاوەی بەکۆتایی خوێندکاروانی زەحمەتکێشانی کوردستان.

رێپێوان بۆ سەر گۆڕی (٧٢) شەهیدانی شارۆچکەی شەقلاوە وتاری پارێزگاری هەولێر

---

رایۆرتێ هەواڵ

# لە یادی ئەنفالە شوومەکاندا

کەلار ـ لە پەیامنێرمانەوە: خالی

### لەژێر دروشمی «دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان»

کۆمیتەی باڵای یادکردنەوەی رۆژانی رەشی ئەنفال لە یادی (٦) ەمین ساڵەی کارەساتی کۆرەقڕانی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعس ـ لە رۆژانی ١٤ و ٤/١٥ زنجیرەیەك چالاکی لە کەلار و صمود ئەنجامدا.

### رۆژی ٤/١٤

سەعات ١١.٣٠ ی سەرلەبەیانی پیشانگایەکی شێوەکاریی تایبەتی بۆ بەرهەمی چەند هونەرمەندێك لە هۆل دواناوەندی (حەمرین) لە کەلار کرایەوەو شریتی پیشانگاکە لەلایەن هاوڕێ کریم احمد ئەندامی م.س حشك/ع پچڕا و هاوڕێیانی م.س شیوعی و لێپرسراوی راگەیاندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوك (ی.ن.ك) و لێپرسراوانی عسکری و سیاسی لایەنەکان و جەماوەر ئامادەی بوون و داریکات فلیمێکی بەڵگەنامەیی لە سەر ئەنفالەکان عرض کرا.

سەعات ٣ ی دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ دوو ڕێپێوان لە کەلار و صمودەوە، بە کەژاوەی ئەنفالەوە بەرەو گۆڕەپانی یادەکە لە بەردەم کۆمیتەی ڕێکخستنی صمود (ی.ن.ك) دەستی پێکرد. لە کۆڕ ئامادەنگیکی ماتەمینی فراواندا کە هاوڕێیانی م.س حشك/ع کریم احمد و پەخشان زەنگەنە و عبدالرزاق الصافی لە ـ حشع و ماموستا علی ئەندامی فراکسیۆنی سەوزی پەرلەمان و کاك عادل شکور ع.لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوك و کارگێڕانی مەڵبەندی (ی.ن.ك) و کاك نظام الدين گلی نوێنەری (پ.د.ك) و لێپرسراوانی ناوچەکە و جەماوەرێکی زۆری گەرمیان و بنەماڵەی ئەنفالەکان ئامادەی بوون. وتاری حشك/ع و وتاری پارتی و وتاری (ی.ن.ك) و INC و چەندین لایانێنەوەو بڕیارنامەی شیعەرێکی کۆمەڵەی خوێندکاران پێشکەش کرا، بڕیاریش درا یادداشتێکی تایبەت بە چارەنووسی ونی ئەنفالەکان کەس و کاری پاشماوەکانیان بەیێ بکرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و مجلس الامن و جامعەی عربی و اسلامی و دەوڵەتە بڕیار بەدەستەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆڕەکە تا ئێوارەی خایاند.

### رۆژی ٤/١٥

هەر لە چوارچێوەی یادەکەدا ـ

سەعات ١١ ی سەرلەبەیانی بە ئامادەبوونی هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی حشك/ع کریم احمد و پەخشان زەنگەنە و ... ٧١

# لەیادی کارەساتە شوومە بەناو ئەنفالەکەی رژێمی بەعس

رۆژی ١٤/٤ بەشێك لە کارەساتی ئەنفالی تیدا رووی دا، ئەو کارەساتەی کە حەلقە یەك بوو لە دژوارترین شوونەی زنجیرەی پیلان و دڕندایەتی و دژی مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤایەتی، لەیادی ئەم رۆژەدا مەکتەبی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیەکی بلاوکردۆتەوە، تیایدا هاتووە کە ئەو هەنگاوە شوومەی رژێمی دکتاتۆر بەمەبەستی شێواندنی روخساری ئیسلام لە دڵی میللەتی کورددا ناوی لێنا (ئەنفال)، لێرەدا گرنگە بلێین کە ئەو کارەساتە نەك هەر فری بە ئیسلامەوە نەبوو، بەڵکو زادەی بیری سوسیالیزمە عەرەبیەکەی رژێم بوو، رژێم ئەگەر رۆژێ لە ئیسلام بگرتیا ئەوا تێ دەگەیشت لە کوشتنی تاکە مرۆڤێك لە ئیسلامدا بە ناهەق وەك کوشتنی تێکرای خەڵکی یە، هەروەکو لە سورەتی المائدة ئایەتی ٣٢ روونکراوەتەوە، لە کوتایی بەیاننامەکەدا داوایان لە رێکخراوە جیهانیە خێرخوازەکان کردوە کە گرنگی تایبەت بەم بەشە لە گیروگرفتی میللەتی کورد بدەن.

هەر بەم بۆنەیەوە رێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان، بەیاننامەیەك و یادداشتێکیان بلاوکردۆتەوە، لە بەیاننامەکەدا داوایان کردووە کە رۆژی ١٤/٤ بەرەسمی بەرۆژی ئەنفال بناسرێ و هەموو ساڵێك یادی بکرێتەوە، هەروەها داوایان لە بەرپرسان کردووە کە ژیان و گوزەرانی خێزانی ئەنفالکراوەکان دابین بکرێت و دادگای بەرزی کوردستانیش (ئەنوایەك، پلسایەك) دەربکات بۆ ئەوەی چیتر خێزانی ئەنفالکراوەکان لە چارەڕوانی بێ ئەنجامدا نەبن.

لە کوتایی بەیاننامەکەدا چەندین داخوازی رەوای تریان پێشکەش کردوە، کە هەق وایە هەموو کەسێکی دڵسۆز بەپیر بەدەنگ داواکاریەکانیانەوە بچن و لە پێناویدا هەوڵ بۆ بدەن.

هەروەها لە یادداشتنامەکەیاندا کە بۆ بەرێز بطرس غالی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سەرجەم رێکخراوە کارکردوەکان لە کوردستانیان ناردووە، داویان کردووە کە گوشار بخرێتە سەر رژێم بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەنفالەکان بەمان و نەمان ئاشکرا بکات، هەروەها داوایان کردووە پارەمەنی خێزانەکان بدرێت و خەتی ٣٦ بگوازرێتەوە بۆ خەتێکی وا کە ئەوانیش ئازاری ئاوارەکان کەم بکاتەوەو هەرەشەی صدامیان لێ دوور بکەوێتەوە، بۆیە داواکارن کە رێگە بگیرێت لەو شالاوە نوێیانەی کە رژێم دەتاوچەکانی ژێر دەسەلاتیدا ئەنجامی دەدات وەکو تەرحیل و تۆپباران و گرتن و ئیعدام کردن.

## چالاکی یەکانی یەکەم ئیستیڤالی ئەنفال

ئیستیڤالی یەکەمی ئەنفالە بەدبەختەکان، رۆژی هەینی ١٤/٤/١٩٩٥ سەعات (٣) دوای نیوەرۆ بە شانۆگەری (الگناوی مەرگ) دەستی پێ کرد.. ئەم شانۆگەریە بریتی بوو لە کەرنەڤاڵێکی سەرشەقامی کە لە گۆڕەپانی ئاشتی بەرەو باخچەی گڵکەندو لەوێشەوە بۆ هۆڵی میدیا بەرێ کەوت کە تیایدا چەند دیمەنێکی شانۆیی بەخۆوە گرتبوو. لە دوای ئەوەش پرۆگرامی ئاهەنگەکە بەم شێوەیە دەستی پێ کرد..!!

سەرەتا دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاریخوازی گەلەکەمان دەستی پێ کرد پاشان وتاری ئیستیڤاڵ لە لایەن کاك عبدالکریم سەرکەشەوە خوێنرایەوە لە دوای ئەوە وتاری کۆمەڵەی ئاوارەو ئەنفالەکان لە لایەن کاك شێخ محمد شریف و وتاری کۆمەڵەی منداڵە ئەنفالەکان لە لایەن بەرێز شفیق حاجی خدر خوێنرانەوە. پاشان بەرهەمێك لە لایەن مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشی مۆسیقا کە بریتی بوو لە سرودی ئەنفال لە ئامادەکردنی مامۆستا



فاروق مهمود هۆنراوەو وتنی هونەرمەند لالۆ رەنجبەر بوو پێشکەش کرا - و تیپی مۆسیقای میرزێوکمیاش بەدوو بەرهەمی هونەری بەشداریان لەم ئاهەنگە کرد و لە چوارچێوەی ئیستیڤالەکەشدا پیشانگایەکی کاریکاتێری بۆ هونەرمەندان (ابوا - گرفتار) کرایەوە، کە تیایدا زیاتر لە (٢٠) تابلۆی کاریکاتێریستی بەخۆوە گرتبوو کە تەعبیریان لە ئەنفال و شەڕی ناوخۆ دەکرد. هەروەها رۆژی شەممەش کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ رێکەوتی ١٥/٤/١٩٩٥ لە هۆڵی ناوەندی رۆشنبیری سەردەم پیشانگایەکی هاوبەشی شێوەکار بۆ کۆمەڵێ هونەرمەند کرایەوە کە (٩) هونەرمەندی شێوەکار بەشداریان تیایدا کردبوو.

هەر لە کاتژمێر (٤) ی سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ کۆڕێك بە زمانی عەرەبی لە لایەن بەرێز مامۆستا (عبدالرزاق الصافی) پێشکەش کرا بە ناونیشانی احزائم صدام حسین في الانفال وحقوق الانسان) پێشکەش کرا، کۆڕەکەش لە لایەن مامۆستا (فسیق هەعیا) بەڕێوە چوو کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند.

هەروێتیش یەك شەممە ١٦/٤/١٩٩٥ سەعات (١٠.٥) ی دوای نیوەڕۆ ئاهەنگێك بە بۆنەی ئەنفال لە لایەن بنەماڵەی شەهیدانی بالیسان سازکرا - پاشان سەعات (٤) ی سەر لە ئێوارە کۆڕێك لە لایەن بەرێز (صلاح مەزن) بە ناونیشانی (هێرانقی کەسلیەتی کورد لە رێگای کەلتوور راگەیاندنەوەدا) پێشکەش کرا.

نا / فاضیم قصیدا

# ڕوونکردنەوەیەک

ئێمە لە فیستیڤاڵی دووەمی یادکردنەوەی ئەنفالەکان بەچاکی دەزانین بۆ ڕای گشتی کوردستان و هەموو لایەنێکی ڕوونبکەینەوە کە بەنیاز بووین لە ٧-١٤ /٤/ ١٩٩٦ فیستیڤاڵی یاد کردنەوەی ئەنفالەکان سازدەین. کە ئێمە بەرەسمی لە ڕۆژی ١٩٩٦/١/٢٧ موافەقەتی ڕەسمی قاعەی (میدیا)مان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرت و بە کتابی ڕەسمی ژمارە ٤٧٣ی ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٤یش موافەقەتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناو خۆی پارێزگای هەولێرمان وەرگرت ، تا هیچ گرفتێک نەیەتە ڕێمان. سەرباری سەردان و ڕا وەرگرتنی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان.

بەنیاز بووین لە ڕێگەی ئەم فیستیڤالەوە هەوڵ دەین تاوان و کردەوە فاشیستەکانی ڕژێمی داگیرکەری بەغدا ڕسوا بکەین و لە هەمان کاتیشدا میللەتەکەمان و لایەنەکان لە هەموو ئەو مەترسیانە وشیار بکەینەوە کە ڕوو بەڕووی گەلەکەمان بووەتەوە. بەڵام بەداخەوە هەر لەیەکەم ڕۆژدا لە ڕێگای (صولە بدر)ەوە گالەری هۆڵی میدیا گیراو نەمان توانی پێشانگای هاوبەشی کورد قران ساز دەین و لە سێ یەم ڕۆژیش لە ڕێگای ئاهەنگێکی کۆمەڵەی ڕۆژەوە هۆڵی (میدیا) یان لێ گرتین کە ئێمە پێش تر بەدەیان لافیتەو بەرنامەی کار خۆمان تێیدا ئامادە کردبوو.

بۆیە وێڕای سوپاسمان بۆ هەموو ئەو لایەنانەی بەشداریان کردووین (بە نووسینی لافیتە ، دەرکردنی بەیاننامە ، یارمەتی ماددی ، ڕاگەیاندن ، بەشداری کردن لە چالاکی) بە ڕای گشتی و هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کە ئەمە پێشێلی ئاشکرای ئازادی ڕا دەربڕینە و بە توندی ئیدانەی ئەو هەڵوێستە دەکەین کە دوورە لە یاد کردنەوەی ئەنفالەکان لێرەدا سەرەڕای ئەو ڕێگرانەو ڕاوەستانی فیستیڤالەکەمان خۆمان هەر بەسەرکەوتوو دەزانین و توانیمان وەک پێشەنگێک کۆمەڵ وریا بکەینەوە لە ئاست کێشەی ١٨٢هەزار ڕۆڵەی بێ سەرو شوێنمان .

**لیژنەی سەرپەرشتی**

**فیستیڤاڵی دووەمی یادی ئەنفالەکان**

**هەولێر ١٩٩٦/٤/١٠**